# کەشکۆڵێک بۆ کوردی سوید




**نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید**
Nawzad.ali@hotmail.com

کاتی ئەوە هاتووە بە پلانو نەخشەی ورد لەسەر کوردی دانیشتووی تاراوگەی دوور لە کوردستان کاربکرێتو لە باری مێژوو،کولتور،تێکەڵبوون،هەستی نەتەوەیی‌و... هتد لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەرهەم بهێنرێت،جیهانی جیهانگیریش وادەخوازێت وەڵامی هاوچەرخانەی پنتی ململانێکان بدەینەوەو لە کاتی ئامادەکردنی هاوکێشەکاندا پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە،ئایا کوردی دەرەوە لەو بوارەدا تا چەند دەتوانێت رۆڵگێڕ بێت؟! دیارە سەرەتاکانی ئەو جۆرە کارانەش پێویستی بە بنەمای نێو کایەکانی بەرهەم هێنان هەیە کە ئەویش بوونی کوردە لە خاڵێکی گەرمی پێشقەچوونی کۆمەڵگاکاندا کە کیشوەرە پڕ رۆناهیەکانە،بەڵام بە داخەوە تا ئێستا دەسەڵاتو

سەرکردەی حزبی کوردی خوێندنەوەیەکی وردی ستراتیژیان بۆ کوردی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان نیە تەنیا کار لەسەر هەڵوێستو رووداوە هەنووکەییەکاندا دەکەن.

دیارە گۆڕینەوەی کولتورو سیاسەتی تێکەڵاوبوون دوو بنەمان بۆ خۆشڕۆکردنی پنتی بەرژەوەندیو پەیوەندییەکان، بۆ نموونە لە هەموو ئەوروپادا دەزگایەکی چاپو بڵاوکردنەوەی کولتوری کوردی نیە کە گەنجینەی نەتەوەیی بۆ زمانەکانی جیهان وەربگێڕێتو کار لەسەر نموونە جوانەکان بکاتو هەوڵ بدات هەڵسوکەوتە ناشیرینییەکانیش گوڵڕەنگ بکاتەوە.. دەیان پڕۆژەیتر کە دەکرا لە دەرەوە بکرێت بەڵام نەکراوەو کاریشی بۆ نەکراوە.

یەکێک لەو کتێبانەی پێویست بوو پڕۆژەی دەزگایەکی کولتوری کوردی بێتو بەرهەمی بهێنێت،ئەویش بریتیە لە کتێبی؛کورد.. چڵ ساڵ لە سوید 1965- 2005، کە لە نووسینی؛ رۆهات ئالاکۆم-ەو لە رۆژانی رابردوودا بە زمانی سویدی کەوتە بەرچاوی خوێنەرە سویدییەکانو ئەوانەی دەتوانن بە زمانی سویدی بخوێننەوە،کتێبی ناوبراو بریتیە لە 190 لاپەڕەی قەبارە فۆڵسکابو بێجگە لە نووسینو بە دوا داگەڕانو ساغکردنەوەی مێژووی کۆچی کورد لە سوید لە پاشبەندی کتێبەکەدا زیاتر لە 30 وێنەی دانسقەی کوردی دانیشتووی سویدی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها ناوەڕۆکەکەی بەسەر ئەم بەشانە دابەشکراوە؛سەرەتا،پێشەکی،وێنەی کورد لە لای سویدییەکان،کۆچکردنی سوید،کورد لە باکوور کۆدەبێتەوە،ژمارەی کورد چەندە؟ لە کوێن؟ چی دەکەن؟ کۆمەڵە کوردییەکان،پێشڤەچوونی کولتوری کوردی، وتەی کۆتایی،رۆژژمێرێک سەبارەت بە کوردی سویدی،بیبلیۆگرافیایەک بۆ وتەی سویدییەکان سەبارەت بە کورد،کوردی سویدی لە ئاسۆی چەند دیدگایەکەوە،پەراوێزەکان.

نووسەر سەرەتا ئاماژەی داوە بە ناوی چەند کەسایەتیەکی کورد دەدات کە پێش ساڵی 1965 سەردانی وڵاتی سویدیان کردووە لەو کەسایەتیانەش؛میرزا سەعید،شەریف پاشا،محەمەد ئەمین زەکی، سلێمان راستگەلدی،هەریەکێک لە کەسایەتیانە کاتی خۆی بە سەردان هاتوونەتە سویدو ماوەیەک ماونەتەوە،هەروەها ناوی سەلاحەددین راستگەلدی هێناوە کە ساڵی 1947 هاتۆتە سویدو وەک یەکەمین خوێندکاری کورد لە پەیمانگای کارۆلینسکای زانستیی دەرمان خوێندوویەتیو پاشان بۆتە پزیشکو لە چەندان نەخۆشخانەی ستۆکهۆڵم کاری کردووەو عیادەی شەخسیشی هەبووە.

ئینجا دێتە سەر ناوەڕۆکی بابەتی کتێبەکە کە لە ساڵی 1965 دەست پێدەکاتو لە وەڵامی ئەو مێژووەشدا نووسەر پێیوایە کە کورد لەو مێژووەدا وەک گروپ بۆ سوید کۆچی کردووەو بە مەبەستی دامەزراندنی گروپو دەستەی کوردی لە وڵاتەکەدا کاری کردووە،بۆ یەکەمینجار لە ساڵی 1965دا لەسەر دەستی؛جەمال عەلەمدار،ئیبراهیم مام حەیدەر،سەعید دزەیی،سەعید ئاقدەل رەحمان،بەدرخان عەنتەر یەکەمین رێکخراوی کوردیان لە سوید دامەزراندووەو ناویان لێناوە؛ رێکخراوی کۆچبەرانی کورد لە سوید،پاشان عومەر شێخمووسو چەند کوردێکیتر لە ساڵی1967 روویان لە سوید کردو رێکخراوی ناوبراویان بەهێز کرد،هەروەها ناوی ئەو کوردانەشی هێناوە کە وەک یەکەمین کەس لە پارچەکانی کوردستاندا بۆ سوید کۆچیان کردووە،جەمال عەلەمدار یەکەمین کوردە لە کوردستانی عیراق ساڵی 1965،حەسەن عەنتەر لە کوردستانی تورکیاوە ساڵی 1965،عومەر شێخمووس لە کوردستانی سوریاوە لە ساڵی 1967 ،ئەمیری قازی لە کوردستانی ئیرانەوە ساڵی1967 بۆ سوید کۆچیان کردووە،هەروەها باسی کۆچی کوردی لوبنانو ئەنادۆڵیش دەکات، لە پاڵ ئەو ناوانەدا ناوی چەندان کەسیتریش دێنێت.

نووسەر پێی وایە کە تا ساڵی 2004 تەنیا 23773 کورد بۆ وڵاتی سوید کۆچیان کردووە بەڵام بە گومانەوە پێویستە سەیری ئەو ژمارەیە بکرێت چونکە مەعقوڵ نیە لە دوا هەڵبژاردنەکانی عیراقدا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2005 تەنیا لە سوید لیستی هاوپەیمانی کوردستان زیاتر لە 15000 دەنگی هێنا بێت کە وەک دەزانرێت تەنیا کوردی کوردستانی عیراق بۆیان هەبوو دەنگ بدەن کەچی ژمارەی کوردی هەموو پارچەکان بکاتە 23773 کورد،بەڵام لە شوێنێکیتردا بە پشتن بەستن بە رێژەی تەخمین دەڵێت کە ژمارەی کورد لە سویددا نزیکەی 100000 کوردە،چونکە تەواوی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە عێراق،ئیران، تورکیا،سوریا،لوبنان بۆ سوید

کۆچیان کردووە بریتیە لە 184000 کەس دیارە نیوەی زیاتر لەو ژمارەیە کوردن،بە هۆی بوونی کەموکوڕی لە کەیسی کورد لە کاتی داوای مافی پەنابەرێتیو نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ناتوانرێت بە وردی ژمارەی کورد نەک تەنیا لە سوید بەڵکو لە تەواوی تاراوگەدا دیاری بکرێت،کورد لە سویددا زیاتر لەم شارو شارۆچکانە دەژیت؛ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری، مالمۆ،ئۆپسالا،بۆرلینگا،ئۆمیۆ،ڤێستەرۆس،لوند، سالا،یۆنشۆپینگ،یەڤلا،ئۆربرۆ،هۆلسنبۆری،فالون.... هتد،بەڵام ئێستا کورد لە زۆربەی شارو شارۆچکەکاندا دەژیت.

نووسەر لە کتێبی ناوبراودا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو کوردانەی لە سوید دەژین 178 کەس ناویان ئەڤین،190 کەس ناویان بێریڤان، 163 کەس ناویان نارین،217 کەس ناویان دیلانە، ئەمە بۆ ناوی کچان،بەڵام بۆ ناوی کوڕان 129 کەس ناویان کاوە،192 کەس ناویان دانا، 118 کەس ناویان ئاسۆ،114 کەس ناویان زانایە.

کورد تا ئێستا لە سویدا لە بواری کارکردندا نەیتوانیوە شوێنێکی دیارو شیاو لە بازاڕی کاری وڵاتەکەدا بۆ خۆی بکاتەوە،خەڵکی بە ئەسڵ بێگانە کە لە سوید دەژین نزیکەی 59000 هەزار کۆمپانیای بچووکو تا ئاستێک گەورەیان هەیە،لەو ژمارەیەدا تەنیا 1000 کۆمپانیای بچووکو دوکانو کارگە هی کوردە،کە زیاترینیان بریتین لە چێشتخانە،شوێنی فرۆشتنی وردەواڵە،سەوزەو میوە فرۆشتن،دوکانیتر.. هتد،کە زۆربەی شوێنەکان ناوی کوردیان لێنراوە وەک؛کوردستان بەفرین،دیلان،ئەڤین،هێڤی،کاوە،نێرگز،چوارچرا،مەهاباد،مێدیا،مەومزین،هەروەها کورد لە سوید؛پزیشکە،ئەندازیارە،پارێزەرە،مامۆستایە،شۆفێرە،وەرگێڕە،ژینگەپارێزە..هتد،کە ئەمەی کۆتایی وەک هەر نەتەوەیەکی بێگانە رێژەیەکی زۆری بەردەکەوێت.

رۆهات ئالاکۆم چەندان لاپەڕەی کتێبەکەی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری کوردیو کوردستانی تەرخانکردووە،وەک نووسیویەتی پاش ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ساڵی 1956 دامەزرا،ساڵی 1966 لقی لە سوید دامەزراند،لە پاڵ ئەم زانیاریانەدا باس لەوە دەکات کە ساڵی 1971 کامەران بەدرخان هاتۆتە سویدو کۆرسی فێربوونی زمانو نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی کردۆتەوەو کە تیایە ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد بەشداریان لە کۆرسەکەدا کردووە،هەروەها لە درێژەی ناوهێنانی کۆمەڵە کوردییەکاندا دەڵێت؛ساڵی 1966 یەکەمین کۆمیتەی سویدی- کوردی دامەزراوە،هەروەها ساڵی 1979 کۆمیتەی سۆلیدارێتی کوردی،ساڵی 1982 کۆمەڵەی لاوانو وەرزشوانانی کورد،ساڵی 1976 کۆمەڵەی ژنانی کورد لە دەرەوە دامەزراون،رۆهات لە دووتوێی سەرباسی کۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکاندا ناوی چەندان کۆمەڵەو رێکخراوی هێناوە،کە دێتە سەر کۆمەککردنی نووسەرو هونەرمەندو ئەدیبانی کورد لە لایەن حکومەتی سویدییەوە نووسەر دەنووسێت؛ لە نێوان ساڵانی 1987- 1997 حکومەتی سویدی 3000043 کرۆنی بەو نووسەرو ئەدیبە کوردانە داوە کە بە پیتی لاتینی دەنووسن،هەروەها لە نێوان ساڵانی 1980- 1997 بۆ ئەو نووسەرو ئەدیبە کوردانەی کە بە پیتی نزیک لە پیتی بەکارهاتووی عەرەبی دەنووسن 1210300 کرۆنی کۆمەك کردوون، سەبارەت بە باری رۆژنامەگەری کوردی لە سوید نووسەر نووسیویەتی کە تا ئێستا زیاتر100 گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوە لە سوید دەرچوونە،لەو ژمارەیەدا 82 بە زمانی کوردی،30 بە زمانی کوردیو تورکی،5 بە زمانی کوردیو عەرەبی،5 بە زمانی کوردیو سویدی،19 تەنیا بە زمانی سویدی چاپو بڵاوکراونەتەوە،یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لە شێوە رۆژنامەدا ساڵی 1975 لە سویددا چاپو بڵاوکراوەتەوە،پاشان باس لە تیپەکانی هەڵپەڕکێو هونەرەکانی شانۆو شێوەکاری کوردی لە سوید دەکات،ئەمەو ناوی چەندان رادیۆی لۆکاڵی کوردی هێناوە کە هەفتانە یەک رۆژ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەرنامەکانیان بڵاوکردۆتەوە بە تایبەتیش لە شارەکانی ستۆکهۆڵم،یۆتۆبۆری، مالمۆدا.

نووسەر لە کتێبەکەیدا زیاتر پشتی بە بەڵگەو نووسراوی باوەڕ پێکراو بەستووە،بۆ نموونە ئەم زانیاریەی لە رۆژنامەی بە ناوبانگی سویدی؛ ئافتۆنبلادێت گواستۆتەوە؛رۆژی 2005/12/28 لە کاتی ناوهێنانی 100 کەسی ناسراوی سویدی بۆ ساڵی 2005 ،سویدییەکان دەنگیان بۆ 4 کوردیش داوە کە لە پاڵ 100 کەسەکەدا بوونەتە کەسێتی ساڵ ئەوانیش؛ نالین باکسی(پەیگۆڵ)، ئەڤین رووبار،زانیار ئادەمی،نیشتی ستێرک هاتووە،وەک لە

سەرەتادا وتم نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەیدا چەندان وێنەی دانسقەی کوردی دانیشتووی سویدی بڵاوکردۆتەوە لە پاڵ وێنەکانیشدا کۆپیی چەند ڕۆژنامەیەکی بە ناوبانگی سویدی بڵاوکردۆتەوە کە باسی کوردییان کردووە، وا لێرەدا دەقی ناونیشانی چەند ڕۆژنامەیەک بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕین؛

- کورد لە سوید زمانی دایکی فێر دەبێت.. ڕۆژنامەی داگیسنیهێتەر ڕۆژی 1971/8/28 کە لەگەڵ هەواڵەکەدا وێنەیەکی کامەران بەدرخان لە کاتی وانە وتنەوە بە خوێندکارانی کورد بڵاوکراوەتەوە.

- کورد داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە تەدەخول بکات بۆ وەستانی جەنگی گاز.. ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت،ڕۆژی 1966/5/28 کە لەگەڵ هەواڵەکەدا وێنەی عیسمەت شەریف وانلیو مارتا هانسۆن ژنە سویدی داکۆکیکەر لە کێشەی کورد بڵاوکراوەتەوە.

لەو وێنانەی بڵاویکردۆتەوە بۆ نموونە؛وێنەی مارتا هانسۆن کە ساڵی 1966 سەرۆکی کۆمیتەی سویدی- کوردی بووە،وێنەی عومەر شێخمووسو هاوسەرەکەی،وێنەی خۆپیشاندانێکی کوردی دانیشتووی سوید لە 1ی ئایاری ساڵی 1968 لە ستۆکهۆڵم لەو دروشمانەی لە خۆپیشاندانەکەدا بەرزیان کردۆتەوە؛ ئاشتی بۆ کورستان.. ئازادی بۆ کوردستان.

ئەمەو کتێبی ناوبراو لە باری زانیاری کۆکراوەدا لە کەشکۆلێک دەچێت کە رووخساری ژیانو مێژووی کوردی دانیشتووی سویدی لە خۆی کۆکردۆتەوەو نووسەر هەوڵیداوە زۆربەی کتێبەکەی بێ کەموکوڕی بخاتە بەردەم خوێنەران بەڵام لەبەر ئەوەی کاری لەم جۆرە پێویستە لە ژێر چاودێری دەزگایەک بێتو لە پاڵ ڕۆهاتدا چەندان نووسەریتریش هاوکاری بن، لە چەندا شوێندا درزو هەڵە دێنە بەرچاو،بۆیە سەرەڕای دەستخۆشیو بە پێزانینەوە کارەکەی جێگای سوپاسەو وەک سەرچاوەک سەیر دەکرێت،بەڵام هەست دەکرێت بۆ نموونە نووسەر ناوی چەند رادیۆیەکی لۆکاڵو ناوی چەندان کۆمەڵەی کوردیو ناوی چەندان کەسایەتی سیاسیو ئەدەبی کوردی فەرامۆش کردووە کە هیوادارم بە هۆی سۆزو لایەنگری حزبی یاخود بە مەبەست ئەو کارەی نەکردبێت،ئەمەو لە هەندێک شوێندا زانیارییەکانی باش نەپێکاوە!

ڕۆهات ئالاکۆم ساڵی 1955 لە باکووری کوردستان(تورکیا) لە دایک بووەو لە ساڵی 1983-ەوە لە سوید دەژیت،تا ئێستا بە زمانی کوردیو سویدی چەندان کتێبی سەبارەت بە کوردو کوردستان چاپکردووە،کە ئەمانە بەشێکن لەو کتێبانە؛کوردۆلۆجی..مێژووی دووسەد ساڵە -1987 ،کورد لە ئەدەبی تورکی هاوچەرخ- 1989،مۆتیفی کورد-1991، دەسەڵاتی ژن لە فۆلکلۆری کوردیدا- 1994، جەنەڕاڵ شەریف پاشا- 1995

**سەرنج؛ ئەم بابەتە ڕۆژی 2007/9/12 لە لاپەڕە 11ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.**